وەزارەتی پەیوەندییەکان بە باشترکردن و خێراکردنی ئینتەرنێت گرێبەستێکی نوێ واژۆکرد

وەزارەتی پەیوەندییەکانی عێراق رایگەیاند، لەپێناو باشتر کردنی ئاستی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، گرێبەستی نوێیان بەستووە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری وای فای و پشتگیری بۆ سنووری پارێزگانی فایبەر ئۆپتیک دەکەن.

ئەمڕۆ دووشەممە، هیام یاسری وەزیری پەیوەندییەکانی عێراق رایگەیاند، ڕێگەچارەی ستراتیژی و بنەڕەتییان گرتووەتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە پێشکەش بە هاوواتیان دەکرێت.

ئاماژەی بۆش کرد، گرێبەستی نوێیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وای فای بەستووە کە دەبێتە هۆی زیادکردنی خرایی ئینتەرنێت بۆ بەکارهێنەران.

ئۆشی خستە ڕوو، جگە لەو گرێبەستانە لەلایەن وەزارەتەوە پاپشتی پێشکەش بە پارێزگانی فایبەر ئۆپتیک دەکرێت کە ڕێنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

باسی لێوەش کرد، رووبەری جوگرافیای ئەو پێڕانە فراوان دەکرێت کە بە تەنکنەلۆژیای FTTH کار دەکەن.